کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-1-2007 13:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## كه بانەكەی خۆم ڕووخا بێ!!.. سەربانی هیچ كەس بەمن چاك نابێ ... دلێرمحمود سابیر




لە میانەی سیاسەتە نوێ كەی ئەمریكادا لە عێراق، بە پەیڕەوی كردنی ستراتیجی یەكی نوێ لە عێراقدا بۆ بن بڕ كردنی ئەم حاڵەتە ناهەموارەی سەرجەم ناوچە سوننی و شیعە نشینەكانی گرتووە و لەم كەین و بەینەدا ئەمریكا بۆتە كەبشی فیدا و زۆرترین سەربازی لێ ئەكوژرێ ڕۆژانە، ئەمریكا بە نیازە دوای ئەو گۆڕانكاریە سیاسی و سەربازیەی كە لە نێو سەرانی پارتەكەی و هێزە سەربازیەكانی ناو عێراقدا ئەیكات، بیست هەزارسەربازی ئەمریكی تریش بنێرێتە ناوچە ئاڵۆزەكە بۆ كۆنترۆڵ كردنی بارو دۆخەكە، بەڵام پێ دەچێ لە یەكێك لە بیرۆكەی زۆركردنی هێزەكەیدا لە عێراق دوو لە سەر سێی ئەو هێزەی كە بە نیازە بینێرێ بۆ عێراق لە هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستانیش بەشدار بێت، بێگومان پاش ووتو وێژ كردن لە گەڵ سەركردایەتی كورد و شێوەی ناردن و ڕێكەوتنێكی مۆر كراو بەرانبەر بەڵێن و پەیمانێك كە پێویستە ڕێك بكەون، بەڵام لێرەدا بپرسین ئەو پەیمان و بەڵێنانە چین؟ ئایا ڕۆڵەكانی كورد هەرزان بەها هەڕاج ئەكرێن بۆ خۆێن ڕشتنێك كە ئەم هیچ كاتێ تەرەف نەبووە تیایدا؟ ئایا كاتی ئەوە نەهاتووە كە ئەمریكا بیەوێ شێوەی ناكۆكیەكان گەورە تر بكات تا چین و توێژێكی تری ئەم وولاتە دەستە وەستان و دوور لە كێشەكان پەراوێز نەكرێن و خوێن ڕشتن سەرجەم عێراق بگرێتەوە؟ كەواتە وا بە چاكی ئەزانن كە كوردیش لە جەنگەڵەدا بەشی خۆی هەبێ و بەشداربێ لە چالاكیە ئیرهابیەكاندا نەك وەك موتەفەڕیج لە وولاتێكی سەرجەم خوێندا گەشە بكات و پاشە ڕۆژی خۆی دابین بكات، ناردنی هێزی پێشمەرگە واتە درووست بوونی فیتنەیەكی گەورەترلەوەی مەڕ شیعەو سوننە ئەمجارە ئەبێتە سێ قۆڵی وكوردیش تەرەفێك ئەبێت لە موعادەلە پڕ لە هەڵەو نادرووستەكانی سیاسەتی ئەمریكا لە عێراق، ئەمریكا بەم سیاسەتە ئەیەوێ خۆی لە كێشەكانی دەربازكات و كەمێك ئەخلاق بهێڵێتەوە بۆ ئایندەی دوای فەشەل هێنانی لەم سیناریۆیەدا، پێشمەرگە بۆ ببێتە عەبا سووری بەرلەشكری ئەمریكاو هێزەكانی عێراق؟ ئایا ئەو بەڵێنە چیە بە كوردی ئەدەن؟ ئەبێت كەركوكمان بۆبخەنە سەرسینییەك و پێمان بڵێن فەرموو ئەوە یەكێك لە داواكاریەكانتان بێ ئەوەی سەری خۆتان بەماددەی (140) ە وە قاڵ كەن؟ كوڕی كورد بۆ خوێن بە بەلاش بدات لە پێناوی نیزاعێكی تایەفەگەری و شەڕی كۆنە قینی دوو تەرەفی تا سەرئێسقان دژ بەیەك؟ خودی كورد چی لە ڕژێمی ئێستاو كۆن و داهاتوو چنگ ئەكەوێ ئەگەرهەموو كوردیش بۆ بەرژەوەندیە تایبەتیەكانی عەرەبی عێراق بە كووشت بدرێن؟ ئایا لایەنێكی گەورەی نێو دەوڵەتی ئامادەیە كە وەك كەسانێكی شاهید حاڵ دانیشێ لە گەڵ لێژنەیەكی عێراقی دا ئیمزا لە سەر داهات و دەست كەوتو داخوازییەكانی كورد پاش چوونی پێشمەرگە بۆ بغداد بكەن؟ كێ هەیە بچێتە ژێر باری ئەو بەرپرسیاریە كە هەموو داخوازیەكانی كورد بێ كەم و كوڕی جێ بە جێ ئەكەن لە بری بە كوشت دانی كوڕانی كورد بە دەستی دوو تەرەفی دوژمن بە یەك؟ هێشتنا كێشەی ئێمە وەك كێشەیەكی مرۆڤایەتی سەیرئەكرێ و بچووكترین مافی ئێمە لە سەری ووتو وێژ نەكراوە، ئیترئێمە بە تەمای چی بین؟، لەهەمووی گرنگ تردرووست كردنی دوژمنایەتیەك لە نێوان كوردو گەلانی ناوچەكە كە گڕی ئەو خوێن ڕشتنە بە هیچ نەكوژێتەوە ئەمەش ئەو مەبەستەیە كە ئەمریكا شیوەنی بۆ ئەكات وئەنجامی ئەدات، چونكە ئەگەر ئەوە نەكات ئامانجەكانی ناپێكێ و ئەوەی

مەبەستێتی بۆی ناچێتە سەر، جا بۆیە پێویستە ئاگاداری خۆمان بین پێش ئەوەی هیچ بڕیارێك بدرێت، چونكە چوونی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێم حسابی لەشكرێكی داگیركەرو دەست كێشی بێگانەی بۆئەكرێ و ئەو خەسڵەتە پیرۆزەی لەدەس ئەدات كە هەمیشە مایەی سەروەری شانازی كورد و كوردستان بووە، ئێمە هێشتا هیچ هەنگاوێكمان نەناوە بۆ هەرێمەكەی خۆمان و هێزی پێشمەرگە تازە بە تازە لە مەرحەلەی یەك گرتنەوەدایە، ئەكرێ بمان كەنە ژەمە خواردنی كێشەیەك ئێمە بەرپرسیار نەبین تیایدا؟ وەك ئەڵێن: كە بانەكەی خۆم ڕووخا بێ.. سەربانی هیچ كەس بەمن چاك نابێ، گەلی كورد كەمی نەهامەتی و دەردەسەری و بێكەسی نەچێشتووە تا ئەم جارەش دەست خەڕۆی بكەنەوە بە ناوی گەڕانەوەی هێوری و ئاشتی بۆ عێراق، با هێندەش ساویلكە نەبین لە ژێر ناوی ئێمەی عێراقی و خۆشەویستی سەپێنراو بە سەرمان دا بۆ عێراق و یەكێتی خاكی عێراق و برایەتی نەتەوەكانی عێراق هەل و مەجەڕڕە خۆمان بكەین قوربانی مەبەستێكی گڵاوی پڕ لە پیلان، ئێمە نابێ قبووڵی بكەین لە پێناوی عێراقێكی شەق و شڕدا شەهید بین، بەڵكو هەموو ببینە شەهیدی كورد و كوردستان پیرۆز ترە تا پێمان بڵێن شەهیدی چ ڕێگایەك بوون؟گەلان خوێن بۆ سەروەری و سەرفرازی خاك و نەتەوەی خۆیان ئەڕێژن و مێژوو بە شاهید ئەگرن، نەك حكومەتی مالكی و كێ و كێ بە شان و باڵمان دا هەڵدەن و فوومان تێ بكەن و پێمان بڵێن كوردمان لە بیر ناچێت ڕۆڵیان هەبووە لە یەك پارچەیی خاكی عێراق، ئەو پاداشتەمان ناوێ، چونكە ئێمە خاوەنی كێشەی خۆمانین و بەرگەی چارەسەری ئەو كێشەیە ئەگرین و بەرپرسیارنین لەوەی چی لە گۆڕێدایە خۆیان ڕازین بەو تەنگەشەیە، ووریا بن زەفەرمان پێ نەبەن و پێشمەرگە با نەبێتە سووتەمەنی و مقەستی دەستێك كە كفن بۆ گیانی خۆمانی پێ ببڕێ، ئەوەی لە سەرم بوو پێم ووتن وما علی الرسول الا البلاغ المبین